چیرۆکی ژیانم

# بەبێ دایکی گەورەدەبم، بە ڕێکەوت شوو دەکەم‌و بە تەنیایی دەمێنمەوە

**بەشی یەکەم**

**تارا. ت**

من بەرهەمی ژیانی هاوسەرێتی ژن‌و پیاوێك بووم کە کێشەو گرفتەکانیان ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورەتر دەبوو، سەرەنجام جیابوونەوە کۆتایی بە کێشەکانی ئەوان هێناو منیشی لە سۆزو باوەشی دایك بێ بەری کرد. دایکم مافی ئەوەی پێدرابوو هەفتانە سەردانم بکات، بەڵام ئەو هەرگیز ئەو کارەی نەکرد، چۆن باوکم بە خێرایی ژنی هێنایەوە ئەویش بە خێرایی شووی کردەوە. من لە لای باوەژن گەورەبووم. ئەو منی خۆشدەویست‌و ڕێنوێنی دەکردم. من گەورەدەبووم‌و هاوڕێ‌و ئاشنام پەیدا دەکردن، باوەژن ڕێگەی پێنەدەدام‌و کەللەشەقی لەگەڵدا دەکردم. ئەو پێیوابوو ئەگەر هاوڕێیەتی هاوتەمەن‌و هاوپۆلانی خۆم بکەم بەدڕەوشت دەبم‌و لەدەست دەردەچم. من پێویستم بە کەسێك هەبوو ڕازەکانی لەلا دابنێم‌و ڕازەکانی ئەویش هەڵبگرم. باوەژن لەوە تێنەدەگەیشت، ئیدی دەبوایە یان واز لەخوێندن‌و قوتابخانە بهێنم یان دەبوایە لەو ماڵە دوور بکەومەوە. باوکم نەیدەویست من لە خوێندن بێبەش بکات، بەناچارییەوە ڕەوانەی لای باوك‌و دایکی خۆی کردم.

باپیرەو نەنکم بە تەنیا دەژیان. منداڵەکانیان هەموویان ماڵی خۆیان هەبوو. مامەکانم ژنیان هێنابوو. پوورەکانیشم شوویان کردبوو. من بوومە کارەکۆرپەی ماڵەکەیان، خۆشەویست‌و بە ناز گەورەیان دەکردم. نەنکم لەرادەبەدەر خۆشیدەویستم، ئەوەی جوان بوایە بۆی دەکڕیم، باوکیشم درێغی نەدەکرد. هەفتانە سەردانی دەکردم. دیاری نایابی بۆ دەهێنام. خۆشەویستی خۆی بەسەر دادەباراندم. لە ڕاستیدا منی زۆر خۆشدەویست‌و لەبەر داهاتووی من بە دایکی خۆی سپاردبووم. من درێژەم بە خوێندن دەدا، هەم مافی ئەوەم مسۆگەر کردبوو کە هاوڕێیەتی هاوتەمەن‌و هاوپۆلانم بکەم، هەم ڕێگەی ئەوەشم پێدرابوو کچانی گەڕەك‌و هاوپۆلانم بانگهێشتی ماڵەوە بکەم‌و سەردانیشیان بکەم.

ئاوات کچێکی هاوتەمەن‌و هاوپۆلم بوو، قەشەنگ‌و لەبەردڵان بوو. بە قسە خۆشەکانی منی کێش کردبوو. حەزم بە هاوڕێیەتی دەکرد. سەردانم دەکرد، ئەویش دەهاتە ماڵمان‌و لەلام دەمایەوە. کچێکی دەم هەراش‌و لەبلەبان بوو. نەنکم‌و باپیرەم خۆشیان دەویست. ئیدی بە جووتە دەچووینە قوتابخانەو دەهاتینەوە، ئەگەر ڕۆژێك ئەو نەخۆش بوایە منیش نەدەچوومە قوتابخانە. مامۆستاکانمان بە دووانە بانگیان دەکردین. ئەو هێشتا زۆر هەرزەکاربوو کە ڕایەڵەی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی ناسیاوی خۆیان دروست کردبوو، ئەو ڕازەکانی خۆی لەلای من دادەنا. ئەو دەروازەی خۆشەویستی پێناساندم. بەوهۆیەوە حەزی هاوڕێیەتی لەگەڵ کوڕ لە دڵمدا ڕوا. ڕۆژان دەهاتن‌و دەچوون، کوڕان ڕێگەیان پێدەگرتین‌و توانجیان لێدەداین. ئێمە ئاورمان لێنەدەدانەوە. سەرەنجام لاوێکی باڵابەرزی گەنم ڕەنگ دڵی لێدزیم، منی بەرەو خۆی ڕاکێشا. ئاوات دڵگەرمی دەکردم‌و هانی دەدام. ئەو لەگەڵ خۆشەویستی ڕاهاتبوو. زۆر جاران دەیگوت: ( ژیانێك ئەگەر خۆشەویستی تێدا نەبێ بۆ مردن باشە). لاوەکە شارەزاو کەم شەرم بوو. ڕۆژانە لەسەر ڕێگەی قوتابخانە چاوەڕوانی دەکردم‌و سڵاوی لێدەکردم. لێمان نزیك دەکەوتەوەو وشەی خۆشەویستی تێدەگرتم. ڕازی دڵی خۆی دەدرکاندو دەپاڕایەوە. نامەی بۆنداری بۆ دەنووسیم‌و تکای دەکرد کە لێی وەربگرم. من شەوانە بیرم لێدەکردەوە. ڕاڕاو نیگەران بووم، بەڵام ئاوات دەرفەتی ئەوەی دەدایێ بە جووتە بڕۆین‌و قسان بکەین. ئیدی ڕەگی خۆشەویستییەکی هەرزەکارانە لە دڵ‌و مێشکم داکوترا. ئەو زمانێکی هێندە شیرین‌و پاراوی لەدەم دابوو کە دەیتوانی دڵی بەردیش نەرم بکات. ئیدی خۆشەویستی لە دڵ‌و دەروونماندا باڵای دەکرد. سۆزو بەڵێنی وەفاداریمان بەیەکتر دەدا. سوێندمان دەخوارد کە ناپاکی نەناسین‌و هەرگیز واز لەیەکتر نەهێنین.

نەنکم ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخان کردبووم، تەلەفۆنیشی تێدابوو. شەوانە کە ئەوان دەخەوتن، من‌و خۆشەویستەکەم لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە دەردە دڵمان دەکرد. تا درەنگانێك دەدواین‌و قسەی خۆشمان بۆ یەکتر دەنارد. داهاتووی هاوسەرێتیمان ڕەنگڕێژ دەکرد. من پشتم بە نەنکم قایم بوو. دەمزانی تا لێواری مەرگ لەگەڵم دادەبێ. ئیدی باوەڕم بە خۆم هەبوو، خۆم بە خاوەن بڕیارو دەستەڵات دەزانی. وام لێهاتبوو پرس بە کەس نەکەم، ئەوەی بمویستایە ئەنجامم دەدا. خۆشەویستەکەم ئۆتۆمۆبیلی کڕی بوو. زۆر جاران فەرمووی لێدەکردم‌و هەوڵی دەدا لەگەڵیدا سەربکەوم. من لەوە زۆر دەترسام. دواتر بەهۆی ئاوات ئەو ترسەشم شکا. چەند جارێك من‌و ئاوات لەگەڵیدا سەرکەوتین، بە سەرچنارو قلیاسان سووڕاینەوە. وردە وردە بە دڵ‌و بە گیان لەیەکتر نزیك دەبووینەوە. هەندێ جار خۆم لەبیر دەچۆوە، وامدەزانی لە کۆمەڵگەی ئێمە ئاساییە، ئەگەر خزم‌و کەسانیش بمانبینن هیچ ئاکامێکی خراپی لێناکەوێتەوە. ئیتر وایلێهات بە تەنیاش لەگەڵیدا دەڕۆیشتم. نەنکم هەستی بە شتێك کردبوو، ئەگەرچی بەڕووی هەڵنەدەهێنام، بەڵام ژیرانە ئامۆژگاری دەکردم، تێیدەگەیاندم کە جاریێ خوێندم لەبەردەم دایەو نابێ کچ لەو تەمەنەدا بیر لەشووکردن بکاتەوە. ئەو ناڕاستەوخۆ پێیدەگوتم کە پێویستم بەوە هەیە بە خۆم دابچمەوە. ئەو داوای لێدەکردم کە ڕەفتارێکی نەشیاو نەکەم‌و کەتنێك بەسەر خۆم نەهێنم. هەستم دەکرد وردە وردە لەوانیش دوور دەکەومەوە. ڕاستیەکەی خۆشەویستەکەم ڕێگەی یاخیبوونی پێشان دەدام‌و داوای لێدەکردم کە لەکەس قەبوڵ نەکەم. ئەو دەیگوت: (ئەگەر خزمەکانت گوشاریان بۆ هێنای ئاگاداری خۆم بکەرەوە، من دەزانم چیان بەسەر دێنم). ئەوەندە ڕاوەستاوو بێباکانە دڵگەرمی دەکردم، وام دەزانی شاخی ئەزمڕ پشتیوانیم لێدەکات. ئیدی ترس‌و دڵەڕاوکێم ڕاو نابوو، زۆر بە ئاسایی لەگەڵی سەردەکەوتم‌و دەچووینە هاوینەهەواری دووکان. هەندێجار بە ئاگاداری ئاوات خۆم لە قوتابخانە دەدزییەوە. شەوێکیان خۆشەویستەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم‌و پێی ڕاگەیاندم کە ئۆتۆمۆبیلێکی بی ئێم دەبلیووی کڕیوەو بەیانی نیازی هاوینەهەواری دووکانی هەیەو حەز دەکات بە تەنیا نەچێ‌و منیشی لەگەڵدا بێ، ئەگەرچی ئەو ڕۆژە هەم دەوامی قوتابخانەمان هەبوو هەمیش تاقیکردنەوە. بە ناچارییەوە بەو شەوە پێوەندیم بە ئاواتەوە کرد، ئەو زۆر بە ئاسایی وەرگرت‌و بەڵێنی پێدام کە داوای مۆڵەتم بۆ دەکات. من لەبەر دیداری خۆشەویستەکەم ئاگام لە تاقیکردنەوەو قوتابخانە نەما. ئەو شەوە لە خۆشیانا خەو لە چاوانم نەدەکەوت. بەیانی کاتژمێر هەشت بە بیانۆی قوتابخانە لەماڵ وەدەرکەوتم‌و لەشوێنی دیاریکراو چاوەڕوانی خۆشەویستەکەم کرد. ئەو بە ئۆتۆمۆبیلێکی بی ئێم دەبلیوو کە تازەی کڕی بوو، زۆریشم پێجوان بوو، وەدەرکەوت، بێ سێ‌و دوو سەرکەوتم‌و بەرەو هاوینەهەواری دووکان بەڕێ کەوتین. سەرەتا بەبۆنەی کڕینی سەیارەکەیەوە پیرۆزباییم لێکرد، ئەو گوتی: (پیرۆزبایی لە خۆت بکە، ئەمەم بۆ تۆ کڕیووە)، بەڵێنت پێدەدەم هەفتەی داهاتوو دەنێرمە خوازبێنیت). من سەد هێندەی تر دڵم خۆش بوو، هەستم دەکرد لە حەزو ئاواتەکانم نزیك دەبوومەوە. بە نازەوە پێمگوت: ( کامەران گیان ئەگەر ماڵەوەمان ڕازی نەبوون! هەڵوێستت چی دەبێ). ئەو هەزاران سوێندو قورئانی بۆ خواردم بە مردنیش بێ دەستهەڵناگرێ‌و وازم لێناهێنێ. ئەو بە دڵنیاییەوە دووپاتی دەکردەوە نەك هێزی هەموو دونیا، بەڵکو مەرگیش ناتوانێ پاشگەزی بکاتەوە.

ئەو ڕۆژە تام‌و چێژێکی دیکەی هەبوو، خەونەکانمان چرۆیان دەکرد، تەنانەت ناوێکمان بۆ نۆبەرەکەشمان دانا. ئەو دەیگوت ئەگەر کوڕ بێ ناوی دەنێین بەڵێن، ئەگەر کچیش بێ ناوی دەنێین پەیمان. منیش لەسەر خواستی ئەو ناوەکانم لەلا خۆش‌و گەورە دەبوون. لە هاوینەهەواری دووکان بە جووتە لەنێو ئۆتۆمۆبیل دانیشتبووین‌و قسەمان دەکرد، هەر هێندەمان زانی یەکێك شاڵاوی بۆ هێناین، دەرگە کردنەوەو لێدان بەیەکەوە هاتن. یەکێك لە ئامۆزاکانم بوو یەخەی کامەرانی گرتبوو، لێی دەدا.





دەروون

**دونیا**

## نهێنی هەر ئاشکرا دەبێ!

پیاوێکی بەسەرو سیما، قسەزان‌و خۆشەویستی ناو خەڵکی، مەرجەع‌و خاوەن دیوەخانی گوندێکی کوردستان، کە ببوو بەجێگای متمانەی ئەهلی ئاوایی، توومەس لەژێرە ئەژدیهایەکی بکوژە، ئەم نهێنی یە لەئاکامی کۆمەڵێ گومان‌و بەدوا داچووندا ئاشکرا بوو کە خرایە سەر ئەو پیاوەو کەسی نهێنی دیکەیان بۆ داناو لەقافا گیرا، دەرکەوت چەندێ دەمی پیاوەتی و دەستی هەیە لە کارە چاکەکاندا، (دە) ئەوەندەش زمانی خراپی هەبووە لەبەگرت دان‌و فیتنەیی‌و دواخستنی ئیش‌و کاری خەڵکی دێ‌و پەشیمان کردنەوەی بەڵێندەرو خاوەن بەڵێنەکان. ئەمە لەزەمانێکدا بووە کە خەڵکی تاڕادەیەك سادەو ساکار بوونەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و عەشایەری یەکان بەهێز ترو تەکنەلۆجیاو هۆکارەکانی گەیاندن ڕۆڵیان زۆر کەم بووە لە هەندێ شوێن هەر نەبوونە. بەڵام لەم سەردەمی عەولەمەیەدا، کە بەهۆی پێش کەوتنی تەکنەلۆجیاوە بچووکترین نهێنی نامێنێ ئاشکرا نەبێ، زۆر حەیفە لەزمانی حکومەتێکی خۆماڵی کە بەرهەمی خوێنی شەهیدان‌و بەری ڕەنجی چەندەها ساڵەی خەڵکی کوردستانە، کۆمەڵێ بەڵێن بەجەماوەرو مامۆستایان‌و فەرمانبەران بدرێ و دواتر لەپشتی پەردەوە خاوەن بڕیار بڵێت کاکە گیان (ئەو قسەیەمان بۆیە کرد تەنها بۆ دەم لێك نان بووە هەر کەسێ پرسیاری لێتان کرد بەقسەی گاڵتەو درۆ بەڕێ یان بخەن. دیارە ئاشکرا بوونی ئەم نهێنی یە ئەگەر تۆزێ زەحمەتی بوویێت‌و نوێنەرێکی خاوەن دەسەڵات یان فەرمانبەرێکی وەزارەت لەخۆ بووردوانە و بەجورئەتەوە سڕی ئەو درۆیە ئاشکرا بکات، ئەوا هەندێ نهێنی دیکە هەن بەبێ ئەوەی کەس هەوڵی بۆ بدات خۆی بە ئاشکرایی دێتە بەردەست، دەیان جار بەڵێنی ئەوەدرا کە مەنهەجی خوێندن لەسەرەتایەوە تاکو زانکۆ دەگۆڕدرێن، بەڵام تازە بەتازە ئاشکرا دەبێت کە لەبەرخاتری ناوی فلان سەرکردەو وێنەی فلان کەس، ئەوەیان چاپ نەکراوەو، یەکێکی دیکەمان لەژێر چاپدایەو هەندێکیش لەژێر لێکۆڵینەوە... لەوانەش سەیر تر دوای 15 ساڵ لەئازادی کوردستان‌و دەیان وتەی ئەم وەزیرو ئەو وەزیر کە گوایە چاپخانەی مەرکەزی یان هێناوەتە کوردستان‌و ئیتر هەمووشت بەدڵی خۆمان چاپ دەکەین کەچی کتێبەکانی ئەم ساڵ زۆربەی زۆریان وڵاتانی (شام) ماڵیان ئاوابێت بۆیان چاپ کردووین، هەموو کەس دەزانێ ئەمڕۆ عەرەب ئەوەندە خاوەن مروەت‌و ڕەشید نین بە بەلاش چاپی بکەن، بەدڵنیایی یەوە ئەگەر لە چاپخانەکانی کوردستان چاپ کرایە زۆر هەرزانتر دەکەوتن، باشە ئەی کوانێ ئەو چاپخانەی کە جەنابی وەزیر باسی دەکرد، ئایا ئەگەر ئەو هەموو پارەیەی کەسەرف دەکرێ بۆ هەزاران تابلۆی بێ کەڵك‌و دەیان‌و سەدان بیناو شوێنی تایبەتی بێ سوود دوو چاپخانەی مەرکەزی حکومی(نەك حزبی) لێ دروست بکرایە قازانجی باشترو کارێکی دڵسۆزانە تر نەبوو؟.. خەڵکی چی داوە لە تابلۆی (ألارهاب لا دین لە)، کە بەقسەی هەندێ کەسی نزیك لە دروستکردنەکەیەوە بێت، جگە لەکرێ ی گواستنەوەو چەقاندنی هەر دوو تابلۆ (500) دۆلاری بۆ سەرف کراوە، کەچی وا ئەم ساڵ سێ ساڵە قوتابیانی پۆلی دووەم خوێندنەوەیەکی کوردییان وەرنەگرتووە، ئۆباڵی بەمل کێ.؟ هەر وەکو ساڵی پێرار نەڵێن کتێبە کۆنەکانی زەمانی بەعس بخوێنن قەیناکە..

# کام پیشە بۆ ژن گونجاوە؟

کە قوتابی قۆناغەکانی ناوەندی‌و ئامادەیی بووم زۆربەی هاوپۆلەکانم بە خۆمیشەوە خەمی ئەوە دایگرتبووین کە کەس‌و کار بڕیاری ئەوەمان بۆ بدەن کام ڕشتەی خوێندن هەڵبژێرین بۆ ئەوەی لەپاشەڕۆژدا ئەو پیشەیەمان دەست کەوێ کە بۆ ژن گونجاوە. ئەمە پرسیارێکی گەورەی لا دروست کردبووم، هەتا دەهات پرسیارەکان زۆرتر دەبوون‌و وەڵامەکانیش لەو ئاستەدا نەبوون کە وەڵامی ڕازەکانم بدەنەوەو بێدەنگم بکەن. کێ بەرپرسیارە لە دابەشکردنی کاروپیشە لەسەر بناغەی ڕەگەزی ژن‌و پیاو؟ کێ دەستنیشانی کردووە کە نابێ ژن ببێ بە شۆفێرو پۆلس‌و دادوەرو سەرۆك‌و... هتد؟؟ من پێم وابوو ئەم دابەشکردنە تەنها لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باوە وەك یەکێ لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات کە ژن تەنها لەچەند بوارێکی کارکردندا دەتوانێ پارێزەری عورفە کۆمەڵایەتیەکان بێ‌و سنووری ئەو هێڵە سوورە نەبەزێنێ کە یاساکانی خێڵ‌و عەشیرەت بۆیان کێشاوە کە ئەویش لەسەر بناغەی یاساگەلێکی پیاوسالاری موتلەق داڕێژراوە، دیارە ڕۆڵی مەزهەبیش بەدەر نابینم لەم داڕشتنەدا. ئەو کارو پیشانەش کە لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ژن قۆرخ کراوە بۆ نموونە کاری بوارەکانی پەروەردەو فێرکردنە بە پلەی یەکەم، پاشان بوارەکانی تر بە ناچاری پەسند دەکرێن وەك فەرمانبەری‌و بواری تەندروستی، دیارە من لێرە مەبەستم کەمدەستگرتنی هیچ کاروپیشەیەك نییە، چونکە هەمووکاروپیشەیەك پیرۆزی خۆی هەیەو کەسی شیاوی خۆی هەیە ئەوەندەی مەبەست لێرە خودی دابەشکردنی پیشەو کارەکانە لەسەر بناغەی ڕەگەزی مێینەو نێرینە. گەر کارەکانی بواری پەروەردە بۆ ژن کارێکی پەسندترە لەبەر ئەوەیە کە کاتێکی زۆرتری دەبێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کۆمەڵگە بە ئەرکی سەرشانی ژنی داناوەو بۆی دیاری کردووە لە بەخێوکردنی منداڵ‌و چێشت لێنان‌و بەڕێوەبردنی ماڵ‌و... هتد، بێگومان گەر ژنی ماڵ تەنها کاری ماڵەوە دەکا ( کە ئەویش ئەرکێکی ئاسان نییەو لەزۆربەی وڵاتانی جیهان ژنی ماڵ هیچ بیمەیەکی کۆمەڵایەتی نییە) ئەوا ژنێك کە کرێکارو فەرمانبەربێ ئەرکی دووبەرابەری دەکەوێتە سەرشان واتا هەردوو ڕۆڵەکە دەبینێ. بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە قەیرانی ئابووری هەموو دنیای گرتۆتەوە ژیانی سادەترین خێزان بە داهاتی کاری یەك ئەندام هەڵناسووڕێ بە تایبەت لە ناو چینی کرێکارو فەرمانبەردا. بێگومان ژنی کورد هەروەك ژنانی هەموو جیهان لەزۆر بواری تردا کار دەکەن بۆ دابینکردنی گوزەران‌و ژیانێکی باشتر بۆ خێزانەکانیان هەر لە کرێکاری کارخانەکان‌و نانەوایی‌و بەرگدروویی هەتا فەرمانگەکان‌و نەخۆشخانەکان‌و شوێنە خزمەتگوزارییەکان. ئەمڕۆ خۆشبەختانە ژن لە کوردستاندا لە زۆر بواری تری کارکردندا چالاکانە ڕۆڵی خۆی دەبینێ وەك لەبنکەکانی پۆلیس‌و پۆلیسی هاتوچۆ و ڕۆژنامەگەری‌و کاری سیاسی کە ڕوویەکی مۆدێرن‌و گەشی داوە بە کۆمەڵگەکەمان‌و ئومێدی داهاتوویەکی باشتری لێ دەکرێ.

ئەوەی مەبەستمە لەم باسەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە سنووردارکردنی کاری ژنان تەنها لە کۆمەڵگەی کوردەواری‌و ڕۆژهەڵاتیدا نییە، بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو و مۆدێرنیشدا هەر بە هەمان شێوە کار لەسەر بناغەی ڕەگەزی مێینەو نێرینە دابەش کراوە. لە دوا ڕاپۆرتی سەنتەری سەرژمێری‌و زانیاری سوید کە لە 29-8-2006 بڵاوکرایەوە هاتووە کە 90٪ کارەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن، چاودێری منداڵان لەباخچەی ساوایان‌و دایانگە، فەرمانگەکان، نەخۆشخانەکان‌و بواری کارە خزمەتگوزارییەکان ژن پێی هەڵدەسێ؟ لە کاتێکدا 90٪ کارەکانی بواری شۆفێری ماشێنی بارهەڵگرو دارتاشی‌و بیناسازی‌و کارگەکانی بەرهەم هێنانی ئامێری قورس پیاوان ئەنجامی دەدەن. لەهەندێ بواری تریشدا 40٪ کارەکان هەردوو ڕەگەز بەهاوبەشی کار دەکەن وەك بازرگانی، ڕۆژنامەگەری‌و بوارەکانی تری ڕاگەیاندن‌و بواری تەندروستی.

لەووڵاتی سویدیدا هەر وەك هەموو وڵاتانی تری جیهان کە ژنان لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا دەستیان دایە خەباتی فێمێنیستی بۆ بەدەستهێنانی ماف‌و ئازادییەکانیان، دیارە لە ژێر کاریگەری فێمێنیستەکانی ئەمریکاو ئینگلتەرەدا بوون، بەڵام خەباتی فێمێنیستی لەسویددا بەرهەم‌و ئەنجامێکی باشتری هەبوو بەهۆی کاریگەری چەندین فاکتەری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کە زەمینەیەکی لەبارو گونجاوی بۆ ریفۆرمی بنچینەیی ناو کۆمەڵگە ڕەخساند، بۆیەش ئەمڕۆ سەرەڕای هەموو ئاستەنگە ئابووری‌و سیاسییەکان، ژن لێرەدا پێگەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بەهێزتری هەیە لە چاو زۆربەی وڵاتانی تری جیهان‌و ڕێژەی ژن لەشوێنی بڕیارو پەرلەماندا بەڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش بەرزە هەروا ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی ژن هەیەتی لێرەدا دەستی والاتر دەکا بۆ خۆپێگەیاندن‌و باشترکردنی ژیانی وەك تاکێکی سەربەخۆو چالاکی ناو کۆمەڵ، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ئەزموونە دەوڵەمەندەو خەباتە دوورودرێژەدا کەچی لێرەشدا ڕێژەی ژنان هەر لە هەمان ئەو کارو پیشانەدا زۆرترن کە لەکوردستان‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و زۆربەی وڵاتانی تری جیهاندا هەیەو بۆ ڕەگەزی مێینە دەستنیشان کراوە، ئەی لێرە کێ بەرپرسیارە؟؟ ژن خۆی یان سیستمی ژیان؟؟ یان سیستمی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە؟؟ کەواتە پرسیارەکەم ئەمڕۆ لەسویدیشدا هەر بێ وەڵام مایەوە!!!.

